

## ناوچەی لەندەنی پارتی دیموکراتی کوردستان

# ساڵیادی لەدایکبوونی بارزانیی نەمر بەرز ڕادەگرێت

بۆ بەرزراگرتنی یادی ١١٥ ساڵەی لەدایکبوونی باوکی ڕۆحی نـەتـەوەی کـورد (مستەفا بارزانی نەمر)، لیژنەی ناوچەی لـەنـدەنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاهەنگێکی خنجیلانەی سازکرد. لەو ئاهەنگەدا کە ڕەوەنـدی کـوردسـتـانـی و نوێنەرانی ژمارەیەک لە پارت و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان ئامادە بوون ژمارەیەک ووتار پێشکەش کران خەسرۆ ئاژگەیی بەرپرسی لیژنەی ناوچەی لەندەن لە وتارێکدا باسی لە خەباتی دەوڵەمەند و نەپچڕاوی ئەو سەرکردە مەزنە کـرد کـە وەک ڕابـەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بەرگری لە مافەکانی گەلی کورد کرد و توانی ئەو مافە نەتەوەییانە بۆ یەکەم جار لە مێژووی گەلی کورددا لە عێراق وەدەستبێنێت و ڕێککەوتننامەی ١١ ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ ڕژێمی پێشووتری عێراق واژوو بکات و بەغدا بۆ یەکەمین جار دان بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە عێراقدا بنێت. ئاژگەیی هەروەها ووتی کەوا بارزانی نەمر قوتابخانەی کوردایەتی بوو، وە خەبات و تێکۆشان و لێهاتوویی ئەو سەرکردە مەزنە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر هەر چوار پارچەی کوردستاندا هەبووە. نوێنەرانی پارت و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لە ووتارەکانیاندا ئاماژەیان بەوەدا کەوا بارزانی نەمر تەنها سەرکردەی باشوری کوردستان نەبوو، بەڵکو سەرکردە و سومبولی تەواوی بزافی ڕزگاریخوازی کورد بوو لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا، وە بەڵێنیشیان دووپات کردەوە کە لەسەر ڕێبازی ئەو سەرکردە مەزنە بەردەوام بن تا گەلی کورد دەگاتە تەواوی ئاواتەکانی خۆی. شایانی باسە بە بڕینی کەیکی تایبەت بە لەدایکبوونی بارزانی نەمر و ئاهەنگێکی خنجیلانە کۆتایی بە گردبوونەوەکە هات.


سائیر ئەلبەیاتی


شێخ عەدنان محێبس


شێخ ئەحمەد ئەلدەراجی


شێخ ڕەشید فەراجی


شێخ سەعد ئەلتائی


شێخ تەها عەکاشی

## سەرۆک هۆزە عەرەبییەکان سوپاسی هەرێمی کوردستان دەکەن

# سەرۆک هۆزێکی عەرەب: بەدڵ و بەگیان لەگەڵ ڕیفراندۆمدا بووین

**خەبات/ عومەر ئاوارە**

ژمارەیەک لە سەرۆک هۆزە عەرەبییە ئاوارەکانی عێراق سوپاس و پێزانینی خۆیان و هۆزەکانیان ئاراستەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و گەلی کوردستان دەکەن لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستە جوانە و ئەو هاوکارییەی کە لە کاتی ئاوارەبوونی خێزانە عەرەبەکانی شەڕی داعش خزمەت و هاوکاری پێشکەش کردوون.

سەرەتا شێخ عەدنان محێبس سەرۆک هۆزی ئەلجرێسات لە عێراق گوتی: گەلی کورد گەلێکی باش و دڵسافن، لە کاتی ئاوارەبوونی ئەو خێزانە عەرەبانەی کە بە هۆی شەڕی داعش ماڵ و حاڵی خۆیانیان بەجێهێڵاو ئاوارەبوون ئەگەر هەرێمی کوردستان نەبوایە ئەوا هەموویان دەفەوتان و لەناودەچوون.

دواتر شێخ ئەحمەد ئەلدەراجی سەرۆک هۆزی ئەلبو دەراج گوتی: باشترین حکوومەت کە ئاوڕی لە ئاوارە عەرەبەکانی شەڕی داعش دابێتەوە و هاوکاریان کردبێت حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، ئێمە وەکو هۆزی ئەلبو دەراج بەدڵ و بەگیان لەگەڵ ریفراندۆمدا بووین و هەرێمی کوردستان بە ماڵی دوومی خۆمان دەزانین و بەدڵ و بەگیان لەگەڵیداین.

هەروەها شێخ سەعد ئەلتائی سەرۆک هۆزی ئەلتائی لە کەرکووک لە بارەی هەرێمی کوردستان گوتی: گەلی کورد گەلێکی قارەمان و تێکۆشەرن و بۆیان هەیە پێداگری و داوای مافی خۆیان بکەن و ئێمەش وەکو هۆزی ئەلتائی وەکو براو کەسوکاری خۆمان تەماشای برا کوردەکانمان دەکەین، هەموو گەل و نەتەوەیەک مافی ئەوەیان هەیە پشتگیری و بەرگری لە مافی ڕەوای خۆیان بکەن و گەلی کوردیش بەشێکن لەو گەل و نەتەوانە و مافی خۆیانە جەختی لە سەر بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا من دڵخۆشم بە هەرێمی کوردستان بە تایبەت لە ڕووی ئاسایش و سەقامگیرییەوە.

هەروەها شێخ تەها عەکاشی سەرۆک هۆزی ئەلبو عەکاش گوتی: گەلی کورد برای ئێمەن، ئەوان لە کاتی ئاوارەبوونی خێزانە عەرەبەکان لە کاتی پەلاماردانی داعش بۆ ناوچەکانیان هاوکاریان کردین، من ڕێزو خۆشەویستیم بۆ هەرێمی کوردستان هەیە و لەگەڵ سەرجەم مافە ڕەواکانی گەلی کورددام.

دواتر سائیر ئەلبەیاتی نوێنەری هۆزە عەرەبییەکانی شارۆچکەی خورماتوو گوتی: بەڕای ئێمە ڕیفراندۆم بۆ گەلی کورد مافێکی ڕەواو دەسکەوتێکی گرنگە، لە گەڵ ئەوەشدا ئێمە وەکو هۆزە سوننە عەرەبییەکانی سنوری شارۆچکەی خورماتوو سوپاس وپێزانینی خۆمان ئاراستەی کوردوهێزی پێشمەرگە دەکەین کە لە دوو دوژمنی سەرسەخت ڕزگاری کردوین کە ئەویش داعش وحەشدی شەعبییە، ئەگەر کوردو هێزی پێشمەرگە نەبوایە ئەوا ئێمە وەکو عەرەبی سوننە مەزهەب لە سەردەستی ئەو دوو دوژمنە لە ناو دەچوین وتیرۆر دەکراین.

هەروەها شێخ ڕەشید فەراجی سەرۆک هۆزی ئەلبو فەراج گوتی: ئەگەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان وگەلی کورد نەبوایە ئەوا داعش هەموو عەرەبی سوننەی دانیشتووی ئەو گوندانەی کە داگیری دەکرد دەیفەوتاندن ولە ناوی دەبردن، من وەکو سەرۆک هۆزێک هەموو کوردم خۆشدەوێت وبەڕاستی بەوەفان، ئەوان مافی خۆیانە هەوڵی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی بدەن چونکە لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە مافەکانیان پێشێل کراوە وهیچیان بۆ نەکراوە.



## هۆڵەندا..

# یادی کیمیابارانی هەڵەبجەو سەرهەڵدانی قامیشلۆ لە یەک بۆنەدا بەرزڕاگیران

**ساسان دەروێش – هۆڵەندا**

لە بەدبەختی نەتەوەیی کورد، مانگی ئادار بۆتە پڕترین ڕووداوی ناخۆش و خۆش و بوونەتە بەشێک لە مێژوویی نەتەوەیمان لە هەموو پارچەکانی کوردستان و ساڵانەش کوردستانیانی تاراوگە هاوشانی خەڵکی کوردستان ئەم بۆنانە بەرز و پیرۆز ڕادەگرن و ئاوێتەیی کاروچالاکیەکانی خۆیان دەکەن، ئەمساڵیش لە شاری ئارنهیم لە بارەگای کۆمەڵەی کۆچکا کوردی بە هەمانگی نوێنەرانی پارت و لایەن و حیزبە کوردستانییەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان و کەسایەتی ڕۆشنبیرو سیاسی و کلتوری بەشداربوون لەیادو بیرەوەری دوو کارەساتی غەمگین و ئاوێتەکردنیان لەیەک بۆنەدا "هەڵەبجە و قامیشلۆ".



سەرەتا لەگەڵ کردنەوەی هۆڵی بۆنەکە بەڕووی میوانەکاندا پێشانگایەکی فۆتۆگرامی پڕ لە تراژیدیایی وێنەکانی قوربانیەکانی هەردوو کارەساتەکە خرایەڕوو کە لەلایەن ئەفشار ئەقدەسی ئامادەکرابوو، پاشان لەلایەن بەندە پێشکەشکاری مەراسیمەکە بەخێرهێنانی هەموو لایەک کراو بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستانی گەورە و ئەم یادەوەریە و شەهیدانی عەفرین لەگەڵ مارشی نەتەوەی ئەی ڕەقیب خولەکێک لە بێ دەنگی ووەستان دەستیپێکرد، دواتر ئامادەبووان مۆمیان داگیرساند لەبەردەم دوو وێنەی گەورەی شەهیدان و قوربانیانی هەردوو کارەساتەکەی هەڵەبجە و قامیشلۆ کە لەلایەن گەنجی دڵسۆزیی کورد گۆرگین دروستکرابوون،

هەروەها لەلایەن خاتوو چیمەن نەقشبەندی بە ناوی نوێنەرایەتی ڕێکخەران و پارت و حزبە کوردستانییەکان وتەی بەخێرهاتن خوێندرایەوە تێدا بەخێرهاتنی هەموولایەکی کردو گوتی: بۆ وەبیرهێنانەوەی دوو یادەوەری گرنگ و مێژوویی لە ڕۆژژمێری ڕۆژە سەختەکانی پارچەکانی کوردستان سەرهەڵدانی خەڵکی نیشتیمانپەروەری قامیشلۆ لە 12ئاداری 2004و کارەساتی جەرگبڕی شەهیدانی هەڵەبجە لە 16ی ئاداری 1988ئەمڕۆ لەیەک یادکردنەوەدا ئاوێتەی یەکتریان دەکەین و لە بەردەمیاندا سنوور نابینین و کوردستان یەک پارچەو یەک نیشتیمانە بۆ هەموومان، لە کۆتایشدا ئاماژەی بەناوی بەشداربووی پارتە کوردستانیەکان کرد، پارتی ئازادیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەنجومەنی نیشتیمانی کورد لە سوریا/ ئەنەکەسە، کۆمەڵەی چاندی کرێکارانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان سوریا، هاکپار، پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لەسوریا یەکێتی، پارتی دیموکراتی پێشڕەوی کورد لە سوریا، پارتی سۆشیالیستی کوردستان، شەپیلاپێشڕەوی کورد لە سوریا، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ئۆفیسی ئەورووپا، لە درێژەی بۆنەکەشدا کورتە فلیمێکی ئامادەکراولە لایەن ئەفشار ئەقدەسی لە نیشاندانی بەشێکی گرنگی ئەرشیفی هەردوو کارەساتەکە نمایشکرا کە تیدا بەڵگەو وێنەو زانیاری زۆری لەخۆگرتبوو، لە تەوەرێکی تردا لەلایەن قەدۆ شیرین نووسەرو ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا باسێکی پڕ لەزانیاریی و پشت بەستن بە بەڵگەیی زیندوو لەسەر ڕووداوەکانی سەرهەڵدانی قامیشلۆ و شەهیدەکانی خستەڕوو و تیایدا ڕووناکی خستە سەر هەندێ لایەنی شاراوە و بزرکراوی ڕووداوەکان، پاشان لەلایەن شاخەوان دووکانی ڕۆژنامەنوسی گەنج و بەرپرسی نوێنەرایەتی تاراوگە لە سەنتەری میترۆ گوڵبژێرێکی لە شیعرەکانی هەڵەبجەی بەدەنگە بەسۆز و پڕ لەحوزنەکەی پێشکەش کرد، لەتەوەری دووەمیشدا لەلایەن مامۆستا گۆران نووسەرو مافناسی کورد باسێکی لەسەر هەڵەبجەو شەهیدەکانی کرد وەک لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی و خستنەڕووی چەندین بەڵگەی گرنگ و مێژوویی و بەدواداچوون بۆ ئەم باسەی کە تیایدا گوتی من تێناگەم بۆچی کورد بێدەنگ بوو لەو هەموو بەڵگەنامانەی کە لەدوای ڕاپەڕین دەستیان کەوت و بەکاریان نەهێنا دژ بەڕژێمی بەعس بۆ ناساندنی جینۆسایدی کورد لە هەموو دنیادا کەسێک پەنجا کەس زیاترو کەمتر بکوژێ دەبێت بچێتە بەردەم دادگای نێودەوڵەتی، بەڵام سەددام لەسەر ڕووداوێکی تر لە سێدارەدرا، پاشان لە لایەن سالح جەبر شاعیری ڕۆژئاوا بەشێک لە بەرهەمە تایبەتەکانی خۆی کە پێشکەشی کردوون بۆ 12ئادارو شەهیدانی قامیشلۆ خوێندەوە، هەروەها چەپکە گوڵی ڕێزلێنانیش پێشکەش بە نوێنەری کۆمەڵەی کوچکا کوردی و ئەحمەد کورد و مامۆستا گۆران و قەدۆ شیرین و شاخەوان دووکانی و سالح جەبر کران، دواتر لەلایەن پێشمەرگەی دێرین و کەمئەندامی سەنگەر دکتۆر فەلاح ئەبوبەکر دەربارەی گرنگی ئەم یادەوەرەبۆ خەبات گوتی: بەڕاستی تا چەند پارتوڕێکخراوە کوردستانیەکان دەتوانن ئەم یادەوەری و بیرەوەرییانە لە ئامێزی گەرمی خۆیان بگرن هێشتا کەمە، چونکە ئێمە ئەوە بۆ چەند نەوەیەک دەچێت کە دێنە نێو ژیانی کۆمەڵایەتیمان ئەم ڕووداوانەیان نەبینیوە کە نەتەوەی کورد تووشی چ کارەساتێکی پڕ لە قوربانی خەبات و تێکۆشانی درێژە و قەدری بزانن و بەبیلبیلەی چاوەکانیان پارێزگاریان لێ بکات. لە دوا تەوەریش لەبەردەم تابلۆی «نا بۆ جینۆسایدی کوردستان» لەلایەن خاتوو فەزیلە شۆڕش چەپکە گوڵی ڕێزلێنان دانرا، دواتر لەلایەن ئامادەبووان واژویان لەسەر کرد و پێکەوە جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە نا بۆ جینۆسایدی کوردستانیان و شکاندنی ئەو بێدەنگی و تەنهاییەی کورد لەبەرامبەر داگیرکاران، لەو بارەیەشەوە هونەرمەند ئاشتی گەرمیانی بۆ «خەبات» گوتی، مێژوویی کوردستان تا ئەمڕۆ زۆر جینۆسایدو کوشتن و بڕینی بەخۆیەوە بینیوە چ لە هەڵەبجە چ لەقامیشلۆ و یاخود شنگال و جێگاکانی تریش و لە ئێستا وا عەفرین چیای کورداغ بۆتە ئامانجی ئەو جینۆسایدە نێودەوڵەتی یە کە سنوورەکانی کوردستانی بەزاندووە، بۆیە کورد ناسروە بەبەرخودان و شۆڕش و فیداکاری و جیهانیش دەزانێت کە ئاشتی دەوێت.

## مامۆستایەکی زانکۆ: بەغدا هەمیشە مەبەستی لاوازکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بووە

# کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق بۆ سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق دەگەڕێنەوە



دکتۆر خەلیل ئیسماعیل، مامۆستای زانکۆ ڕایدەگەیێنێت، دوای نزیکەی سەدەیەک لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، هێشتا دەستەڵاتدارانی عێراق بەردەوامن لە دژایەتیکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و، دەیانەوێ بەناوی مووچەوە پیلانەکەیان جێبەجێ بکەن. دەشڵێ، بەغدا لە کۆن و ئێستایشدا کار بۆ ئەوە دەکات بزووتنەوەی کورد لاواز بکات و ڕێژەی کورد لە عێراقدا کەم بکرێتەوە. دکتۆر خەلیل ئیسماعیل، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق بۆ سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق دەگەڕێنەوە، چونکە گەلی کورد لە باشووری کوردستان بەردەوام کێشەی هەبووە لەگەڵ حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، لەبەر ئەوەی حکوومەتەکانی ئێستا و رابردووی عێراق دوو ئامانجی سەرەکییان هەیە، ئەویش دژایەتیکردنی بزووتنەوەی کوردی و لاوازکردنی، هەروەها کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لە عێراقدا. ئەو مامۆستایەی زانکۆ باوەڕی وایە: ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین بەغدا بە جیددی کار بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد دەکات و دەستی بە هەنگاوەکانیشی کردووە، ئەوەی باس دەکرێت لە کێشەی مووچە ئەوە تەنیا لە ڕووی ئابوورییەوە پەیوەستە بە ژیانی هاووڵاتیانەوە، خۆ ئەوەیش گرینگە و مافی هاووڵاتیانە و منەتکردنی ناوێ، بەڵام عێراق دەیەوێ بە دانانی ئابڵووقەی ئابووری و بەعەرەبکردنی ناوچە کوردستانییە داگیرکراوەکان، پیلانەکەی جێبەجێ بکات. دەشڵێ: بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ئەزموونی زۆری لەگەڵ دەستەڵاتدارانی عێراقدا هەیە و ئەگەر باس لە قۆناغی دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق بکەین، ئەوە دیارە بەغدا بە ئاشکرا کار بۆ ئەو ئامانجەی ئاماژەم بۆ کرد دەکات، پێشتر بەعەرەبکردن و ئەنفال و کیمیاباران هەبوو، ئەمڕۆ پڕۆژەی بەشیعەکردنیش دەستی پێ کردووە.